# خوای گەورە دەفەرموێت: نەوەی ئادەم من بە درۆ دەخاتەوە، ومافی ئەوەی نییە کە وا بڵێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: خوای گەورە دەفەرموێت: «نەوەی ئادەم من بە درۆ دەخاتەوە، ومافی ئەوەی نییە کە وا بڵێت، وجوێنم پێدەدات، ومافی ئەوەی نییە کە جوێن بدات، بە درۆ خستنەوەی من ئەوەیە کە دەڵێت: زیندووم ناکاتەوە، هەروەکو چۆن منی دروستکرد، دروستکردنی یەکەمی ئاسانتر نییە لە لای من لە دووبارە زیندووکردنەوەی، وجوێندانی ئەوەیە کە دەڵێت: خوای گەورە کوڕی هەیە، لە کاتێک من تاکم، وهەموو بوونەوەرەکان پێویستیان بە منە ومن پێویستیم بە هیچیان نییە، نە منداڵم بووە ونە لە دایکبووم، وهیچ شتێک وەکو من نییە».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

ئەمە فەرموودەیەکی قودسییە، کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموودەیەکمان پێڕادەگەیەنێت کە لە پەروەردگارەوە دەیگێڕێتەوە -عز وجل- کە خودا دەفەرموێت: (نەوەی ئادەم من بە درۆ دەخاتەوە، ومافی ئەوەی نییە کە وا بڵێت): واتا کۆمەڵێک لە نەوەکانی ئادەم ومەبەست ئەوانەیە کە ئینکاری لە زیندووبوونەوەی پاش مردن دەکەن (ئینکاری لە بوونی قیامەت دەکەن) وەکو/ موشریکەکانی عەرەب وکۆمەڵێک لە نەسڕانیەکان وجگە لە ئەوان لە بت پەرستنەکان، ونەوەکانی ئادەم مافی ئەوەیان نییە کە خودا بە درۆ بخەنەوە، ونابێت ئەو مافە بە خۆیان بدەن کە وا بڵێن. (وجوێنم پێدەدات، ومافی ئەوەی نییە کە جوێن بدات): جوێن بریتیە لە دانەپاڵی سیفەتێکی کەموکورتی بۆ کەسێک یان شتێک، ولێرەدا مەبەست ئەوەیە کۆمەڵێک لە نەوەکانی ئادەم؛ بە شێوەیەک وەسفی خوای گەورە دەکەن کە ئەم جۆرە وەسفکردنە کەموکورتی دانە پاڵ خوای گەورەیە، پەنا بە خودا، وئەو کۆمەڵانە ئەوانەن کە بە درۆوە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خوای گەورە کوڕی هەیە، وئەم کۆمەڵانە مافی ئەوەیان نییە کە جوێن بە خوای گەورە بدەن، ونابێت کە ئەم مافە بە خۆیان بدەن کە جوێن بە خوای گەورە بدەن. پاشان ئەوانەی پێشووتر باسی کرد ڕوونی کردەوە، کە پەروەردگار -سبحانە وتعالى- دەفەرموێت: (بە درۆ خستنەوەی من ئەوەیە کە دەڵێت: زیندووم ناکاتەوە، هەروەکو چۆن منی دروستکرد): بە درۆخستنەوەی خودا لە لایەن بەندەوە ئەوە کە دەڵێت: خودا زیندووم ناکاتەوە پاش مردنم لە کاتێکدا ئەو لە هیچەوە هاتووەتە بوون وخودا دروستی کردووە، وئەمیش کوفر وبە درۆخستنەوەیە، پەنا بە خودا، وپاشان خوای گەورە وەڵامیانی دایەوە کە دەفەرموێت: (دروستکردنی یەکەمی ئاسانتر نییە لە لای من لە دووبارە زیندووکردنەوەی): واتە دروستکردنی سەرەتای بوونەوەرەکان ئاسانتر نییە لە دووبارە زیندووکردنەوەیان لە پاش مردنیان، بەڵکو هەردوویان یەکسانن لە دەسەڵات وتوانای مندا، بەڵکو دووبارە زیندووکردنەوەیان ئاسانترە چونکە بنچینەی لاشەکە ودروستکراوەکە هەیە، ودەفەرموێت: (وجوێندانی ئەوەیە کە دەڵێت: خوای گەورە کوڕی هەیە): واتا دەڵێن: خودا منداڵی هەیە، {وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ عُزَيۡرٌ ٱبۡنُ ٱللَّهِ وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَى ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ ٱللَّهِۖ ذَٰلِكَ قَوۡلُهُم بِأَفۡوَٰهِهِمۡۖ يُضَٰهِـُٔونَ قَوۡلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَبۡلُۚ قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُۖ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ}[التوبة: 30] واتە: {جوولەکەکان ووتیان: عوزەیر کوڕی خودایە ونەسڕانیەکانیش (گاورەکانیش) ووتیان: مەسیح کوڕی خودایە، ئەوە وتەی ئەوانە بە دەمی خۆیان دەیلێن وەک وتەی ئەوانە دەڵێنەوە کە پێشتر بێباوەڕ وکافر بوون، خودا لەناویان بەرێت چۆن درۆ دەکەن ولەهەق و ڕاستی لادەدەن}، وموشریکەکانی عەرەب دەیانووت: فریشتەکان کچی خودان، وئەمیش جوێندانە بە خودا وبانگەشەی هەبوونی کەموکوڕی وبانگەشەی دابەزاندنی پەروەردگارە بۆ پلەی بوونەوەرەکان، پەنا بە خودا. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: (لە کاتێک من تاکم): خودا تاکە لە زاتی مەزنی ولە سیفات وکردارەکانیدا، ودوورە لە هەموو کەموکورتیەک، هەموو سیفەتە چاک وجوانە ڕەهاکان تەنها بۆ خوای گەورەن. (وهەموو بوونەوەرەکان پێویستیان بە منە ومن پێویستیم بە هیچیان نییە): زانایان ووتوویانە ئەمە یەکێکە لە واتاکانی ناوی (الصمد)، کە بە مانای ئەوە دێت خودا پێویستی بە هیچ کەسێک نییە وهەموو کەسێک پێویستی بە ئەو هەیە، وئەمیش

ئەوپەڕی کامڵبوون بۆ ئەو زاتە مەزنەیە لە جۆرەکانی شەرەفمەندی وڕێزداری ودەسەڵات وتوانادا. (نە منداڵم بووە): واتا هەرگیز باوکی کەس نەبووم، (ونە لە دایکبووم): واتا هەرگیز لە دایکنەبووم ومنداڵی کەس نەبووم، خودا مەزنە وشکۆدارە ودەسەڵاتدارە بە ئەوپەڕی ڕەهایی وکامڵبوون ئەمیش بەشێوەیەکی ڕەهایی لە کاتدا بۆ پاشەوە (لە ئەزەلەوە)، بەڵکو سیفاتەکانی لاوازی ومنداڵی وقۆناغی لاوازبوونی تەمەن سیفاتی کەموکورتین ودوورن لە زاتی مەزنی خوای گەورە -سبحانە وتعالی-؛ چونکە خودا خۆی (أول)ە هەر هەبووە لە سەرەتادا ئەمیش بە شێوەیەکی ڕەهایی بۆ پاشەوە لە کاتدا (لە ئەزەلەوە هەبووە)، وئەو زاتە (الأخر)ە واتە لە کۆتاییدا هەر ئەو دەمێنێتەوە بە بێ سنوور وهەرگیز نامرێت. (وهیچ شتێک وەکو من نییە): واتا هیچ کەس وشتێک وەکو من نییە کە لە من بچێت، وهیچ کەس وشتێک ناتوانێت ڕکابەرایەتی خودا بکات، ئەم نەفی کردن وڕەتدانەوەیە وەکو دووپاتکردنەوەیە کە خودا نە باوک بووە ونە لەدایکبووە ونە هاوسەرگیری کردووە ونە جگە لەمانەش.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6327

---